www.kurdistannet.org
12:01 2-10-2006 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## شۆڕشگێڕ یان ئەبوقائید ... مزەفەر عەبدولوەهاب

دوای بڵاوبوونەوەی ناوی چەندین بەرپرسی حزبی و ئیداری کوردیی لەچوارچێوەی چەند لیستێکی ڕەشی موخابەراتی بەعسی ڕووخاو لەسەر لاپەڕەکانی هەردوو هەفتەنامەی (هاوڵاتی - ئاوێنە) دا، مشتومرو مقۆمقۆیەکی زۆر دروست بوو، سەرجەم ڕۆژنامەکان لێوانلێون لەبابەت و هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و ڕوونکردنەوەی تایبەت بەم مەسەلەیە، دەسەڵاتیش بەگشتی تاکوئێستا نەهاتۆتە نێو مەسەلەکەو لەوبوارەدا هەڵویستی ڕوون و ئاشکرای نییە، لەبەرامبەریشدا خەڵکی بەگشتی سەراسیمەبووەو نازانی چۆن لەو حاڵەتە (شۆك) ەی خۆیدا دەربازببی!

پێش ڕاپەڕین موخابەراتی بەعس هەمیشە لەهەوڵێکی بێوچاندابوو بۆ ناوزڕاندنی سەرکردەو شۆڕشگێڕەکانی کورد، زۆرجار لەوهەوڵەشدا سەرکەوتنی بەدەستدەهێنا، بۆیە دەکری بڵێین ڕەنگە لەو لیستانەشدا ڕژێمی بەعس ئەو گەمەیەی پێشووی خۆی بەکارهێنابی و بەشێك لەناوە بێگەردەکانی خزاندبێتە نێو لیستەکان (ئەمەیان ئەگەرە)، بەڵام دەرەنجام ئەوەی لەومەسەلەیەدا بۆمان دەردەکەوی ئەوەیە بەفیعلی بەشێکی زۆر لەو ناوانەی لەچوارچێوەی ئەو لیستانەدا هاتوون ڕاست و دروست پەیوەندییان بەموخابەراتی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی ڕووخاودا هەبووەو دوای ئازادبوونی کوردو کوردستان سیخوڕییان لەسەر کردووە، سەیریش لەوەدایە ئەوچڵکاوخۆرانە هەمیشە لەوبڕوایەدابوونە کە ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس دوای ڕاپەڕین و هاتنە ئارای پارلەمان و حکومەت دووبارە دەست بەسەر کوردستانا دەگری و داگیری دەکات و ئەزموونە ناوازەکەمان دەخاتەوە مەترسی!

ڕۆژانە وەڵام و ڕوونکردنەوەی سەیروسەمەرە لەسەر لاپەڕەکانی هەردوو هەفتەنامەدا دەبینین و دەخوێنینەوە!... فلانەکەس پاکانە بۆ فیسار دەکات، ئەوەی دیکەش ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنی کە بەئەمری فلان کەس پەیوەندی بەستووە، یەکێکی دیکە دەڵی چەند برادەرێك بەناوی منەوە ڕاپۆرتیان بۆ موخابەرات بەرزکردۆتەوە نەبادا ئیعدام بکرێم و... هتد

کورد گوتەنی (عوزر لەقەباحەت خراپترە)، چونکە جگە لەوەی پاکانە بۆ بەشێکی زۆری ناوەکان ناکری، تەنانەت وەڵامدانەوەش ئەوەندەی دیکە تاوانەکە بەسەر سیخوڕەکان جێگیردەکات و دەبی درك بەوە بکەن کە خەڵکی بەهیچ شێوەیەك بڕوای بە پاکانەکردن نییەو پێشی وایە ئەم مەسەلەیە وەکو مەسەلەکانی دیکە فەرامۆش دەکری و بلۆکێکی گەورەی دەخرێتە سەر !چونکە پێشتر کاتی ڕژێمی بەعس لەلایەن هێزە فرەڕەگەزەکان لەگۆڕنرا لیستێك بەناوی چەندین ئەندامی سەرکردایەتی و کادیری پێشکەوتووی حزبەکان بڵاوکرایەوە کە پەیوەندییان بە دەزگا سەرکوتکەرەکەی موخابەراتی بەعسدا هەبووە ئەو مەسەلەیە بەتەواوی فەرامۆشکرا، تەنانەت حزبێکی دەسەڵاتدار کەچەندین ئەندامی پایەبەرزی لەناو ئەولیستەدا هەبوو بەڕەسمی ڕایگەیاند کەوا ئەم لیستە هیچ ئەندامێکی ئەوان ناگرێتە خۆ بۆیە ڕەتیدەکەینەوە!

بۆچی گەندەڵی ڕۆنەچێتە مۆخی ئێسقانەوە لەکاتێکدا کادیری بەرپرس لەحزبێك و بەڕێوەبەری فەرمانگەیەك یاخود ئەندام پارلەمانێك فایلدارو سیخوڕبی، دەبی چاوەڕوانی چییان لێبکری؟!.. لەلای ئەم جۆرە کەسانە بیرکردنەوەی لەژیان و گوزەرانی خەڵك و مەسەلەی نیشتمان و نەتەوە نەوەك لەدواخاڵی ئەجیندەیاندا نییە بەڵکو ئەوجۆرە بیرکردنەوەیان نییەو هەرناشبی.

زۆرسەیرە پارلەمانتارێکی ڕابردووپاك چۆن قێزی دێت لەهۆڵی کۆبوونەوەدا لەگەڵ سیخورو فایلدارێکدا دابنیشی!

زۆرگرنگە پارلەمان و حکومەت و هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لەو بێدەنگییەی خۆیان بێنە دەرەوەو هەڵوێست وەربگرن و هەرچی زووە لیژنەیەکی ڕاستگۆی بێلایەن پێکبهێنن (تکاشم وایە ئەم لیژنەیە

فایلدارو سیخوڕی تێدانەبی) بۆئەوەی لێپێچینەوە لەگەڵ تۆمەتباراندا بکات و لەئاکامیشدا تاوانباران بەسزای خۆیان بگەن ئەگینا ئەمڕۆ خەڵکی شۆڕشگێڕو ئەبوقائیدەکان بەیەك چاو سەیر دەکات